
سوپای پاسدارانی ئێران رایدەگەیەنێت، لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردودا لەگەڵ ئەمریکا لە شەڕێکی ڕاستەقینەدا بوین، بەڵام لە ساڵی هەموو شەڕەکاندا شکستمان پێهێنان و دەشێت، " تۆڵەی شەهیدانی تەقینەوەکانی پارێزگای کرمان و سەرجەم شەهیدەکانی دیکەمان دەکەینەوە".



لیوا حسێن سەلامی فەرماندەی گشتیی سوپای پاسدارانی ئێران ئەمڕۆ هەینی لە میانەی ڕووەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی کوژراوانی دو تەقینەوەکەی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوی نزیك مەزارگەی قاسم سولەیمانی لە پارێزگای کرمان ڕایگەیاند، "ئێمە لەبەردەم زنجیرەیەکی بەردەوامی شەیتانی بچوك و گەورەداین لە جیهاندا لە شەڕی ئیسلام و کوفر. ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئەمڕۆ لە ژیانی گەلی ئازیزی ئێران و نەتەوەی ئیسلامیدا هەیە".

وتیشی، " تۆڵەی شەهیدان دەکەینەوە، ئەم ڕوداوانەشی ئێستا ڕوودەدەن لەنگدانەوە و دەنگدانەوەی ئەو شکستە سەختانەن کە لە ساڵانی ڕابردودا بەسەر خێبەزلزانی و فاکتەرە ئیقلیمی و ناوخێییەکانیدا هێناون، لە چەند دەیەی ڕابردودا شەڕێکی ڕاستەقینەمان لەگەڵ

زلهێزێك بە ناوی ئەمریكا كردوە، بەڵام لە هەمو ئەم شەڕانەدا ئەمریكامان بە شكستی زەلیلكەر دەركرد، سەیری ئەمریكا بكەن چی بەسەرهات كاتێك دەیانویست حكومەت لە عێراق دروست بكەن، 135 هەزار سەربازی سەربازیان جێگیر كرد، بەڵام لە عێراق شكستیانهێنا".

دەشڵێت، "پاڵەوانی ئەفسانەیی ئیمە (شەهید سولەیمانی)، لەگەڵ هاوەڵەكانی، ئەمریكایان لە كۆنترۆڵی سیاسی بەسەر عێراقدا لابرد، عێراقیشیان لە خراپەی دەسەڵاتی ئەمریكا ڕزگاركرد، لەكاتێكدا سەربازەكانیان بە فراوانی لەو خاكەدا ئامادەبون".

ئەوەشی رونكردەوە، "بۆ ئیفلیجكردنی گەلی ئێران گەمارۆكەیان بەسەر ئێراندا سەپاند، بەڵام سزاكانیان شكستی هێنا، كەندراوی فارسیان بەجێهێشت و نزیك بو ناوچەكە چۆڵ بكەن و ئەمەش هیچ بەرپرسێكی ئەمریكی ناتوانێت بچێتە هیچ گوندێكی ئیسلامی، ئەوانەن كە كاتێك بەرەو وڵاتانی ئیسلامی ڕۆیشتن فەرشی سوریان پێدرا، بەڵام ئەمڕۆ شوێنێكی ئارامیان بۆ نییە".

ئەوەشی راگەیاند، "داعش بەرهەمی سیاسەتی ئەمریكا بو لە جیهانی ئیسلامیدا، داعش دەیویست نەخشەیەكی سیاسی نوێ لە جیهانی ئیسلامیدا بكێشێت، خەونیشی دامەزراندنی خەلافەتێكی ئیسلامی بو لە هەمو وڵاتانی ئیسلامیدا، بەڵام لە سایەی خەباتی گەنجانی شۆڕشگێڕی بە جۆش و خرۆش لە هەمو دونیای ئیسلامی بە سەركردایەتی شەهیدمان قاسم سولەیمانی، گێكانی تەكفیر كە لە ناو ئاگرەكەیدا بەشێك لە وڵاتی ئیسلامی بڵاوبوەوە و گەمارۆیدا، شكستیهێنا".

لیوا حسێن سەلامی باسی لەوەشكرد، "ئیمە لەگەڵ ئەم شەهیدانەی مەیدان چۆڵ ناكەین، ئەوەش ئەم شەهیدەی زێرەی خەڵكی ئازیزی كرمانتان بینیوە و ئەم میللەتەش لەگەڵی شەهیدبونەوە ڕادەستی دوژمن نابێت و ئەم میللەتە سەربەرزە و سەركەوتو دەبێت".